# ناڵەی قەرەچوغ لەژێر پێی عەرەبی جێنشین

لەگەڵ شاڵاوی بەعەرەبکردنی خاکیکوردستان لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ سڕینەوەی تەواوی ئەم ناوچانەی کە کوردنشینن، چیای قەرەچووغیش کەوتە ژێر عەرەبی هاووردە.

ئەم چیا سەرکەشەیە کەئەویش بەر ئەم شاڵاوە کەوتووە ئەمڕۆ ناڵەی دێت لەژێر پێی ئەم زۆرداریە (قەرەچوغ) ئەم چیایەیە کەدەشتی قەراج و کەیندناوە لەیەك جیاواز دەکاتەوە، بەرزیەکەی ٨٧٥م لەڕووی دەریاوە بەرزە، لەرووی سروشتیەوە گەلێك جوانە لەبەر ئەوەی هەردوو رووی رۆژهەڵات و رۆژئاوای پانتاییە سەرنج راکێشە (قەرەچوغ) خوشەویتسیەکی زۆری هەیە لەناو خەڵکی قەراج و کەندێناوە بۆیە ئەگەر سەیر کەین لەشاری هەولێر چەندین دوکان وتۆمارگاو دەزگاو بەلێندەرو جۆرەها شت لەخواردنگەو تەنانەت عارەبانە دەست فرۆشەکانیش ئەم ناوەیان هەڵبژاردووە، ئەمە هەمووی خۆشەویستییە بۆئەم شاخ وکێوەی قەرەچوغ.

چیای قەرەچوغ لەم کاتەی کەبەدەستی کورد بوو جێگای حەوانەوەی هێزە شۆڕشگێرەکان بوو– جێگای یاخی بووە سەربازەکان بوو کەرژێمی دکتاتۆری عێراق بەزۆرەملێ گەنجی خوێن گەرمی راپێچی شەڕە ناڕەوایەکانی دژ بەکوردو وڵاتە دراوسێیەکانی دەکرد، هەر لەساڵی ١٩٦٣ تاکو ١٩٨٨ چەندین جار لەم قەرەچوغە سەرکەشە شەڕو پێکدادان ڕووی داوە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلی کورد کەبۆتە هۆی شەهید بوونی دەیان رۆڵەی بەئەمەکی ئەم وەك گەلە.

قەرەچوغ درێژیەکەی (٢٠) کم دەبێت لەباکووڕە کەمێك بەلاری بەلای رۆژهەڵاتەوە بۆ باشوورەوە ئەڕوات. لەباکورەوە لەسەر هێڵی (٣٦)وە دەستپێدەکات بەرەو باشووری لەگردی (میرجانەوە) بەرانبەر تەلەرخێمی گەورە تاکو بازاڕگە کە لەگەڵ چیای (بلباس)لەیەك جیاواز دەبنەوە.

(قەرەچووغ) چەندین گوندی خنجیلانەی لەبنارەکەی هەبوو، لەبەری رۆژهەڵاتی لەباکورەوە لە تەلەرخێمی گەورە میلهورت، کورتان درووی، شێخە لاس، ناسر،–– بیرە بەرازە، کەپەنەك رەش گردەشینە، مەلا کاغە، کەندار ئەم ناوانە ئەسەلمێنێ کەلەدێر زەمانەوە ئەم ناوچەیە هەرکوردنیشین بووە. لەبەری رۆژئاوای لەبنارەکەی گوندی (هەوارغەر) وە (گەرەسۆر) نزیك بوون.

(قەرەچووغ) چەندین گەڵی چڕی تیابوو وەك گەڵی (مەنجەڵان) کەئاوێکی لێهەبوو وەك حەوزێکی بەردین لەشێوەی (مەنجەڵ) هەروەها گەلی (دلۆپە) کەئاوێکی دلۆپەیی لێ دەهاتە خوارەوە، زۆر کەس پێیان ئەووت گەڵی (چکچکە) جگە لە دۆڵی چڕی شیخەلاس و بیرە بەرازەو دۆڵی کەپەنەك رەش وسەری قەرەچوغیش پانتایی زۆر بوو. زۆرجار کۆپتەرەکانی رژێم لەسەری ئەنیشتنەوە.

(قەرەچوغ) لەدێر زەمانەوە جێگای مەڕدارە کوردەکان بووە، ساڵانە لەوەرزی بەهاران مەڕدارە بەناو بانگەکانی قەراج و کەندێناوە ڕوویان لەم چیایە ئەکرد لەبەر زۆری، کژووگیاو پاوانی زۆر تاکو هاوین نەدەگەرانەوە شوێنی خۆیان.

http://kirkuk.kurdishpoint.com

جگە لەوەی قەرەچووغ جۆرەها گیای خواردنی وەك گەنگروو كاردیو پیفۆك و دۆنبەلان، دۆنبەلانی قەرەچووغ رەنگەكەی سوور بوو بەناوبانگترین دۆنبەڵان بووە لەكوردستان، جۆرە خواردنێك كەیپێییان ئەوت (غەرداره) چەندین جۆرەگیای تر كەخەڵك لەشوێنی دوورەوە ئەهاتن بۆ نەخۆشی ئەیان برد.

چیای قەرەچوغ – چەندین شوێنی بەردی نەرمی تیابوو كە بۆبیناسازی لەكوردستان بەكاریان دەهێنا– جگە لەم خاكەی كە بۆ (گەچ) بەكار ئەهات كەباناو بانگترین (گەچ) لەعێراق (گەچی ) (قەرەچووغە)

جگە لەمانەش جۆرەها پەڵەوەری جوان لەم شاخەدا ئەژیا (وەك) (هەوێردە) (مریشكە رەشە) (سوسكە) (كەو)، كەوی قەرەچوغ رەنگی سپی بوو كەوبازكان لەدوورەوە ئەهاتن بۆ قەرەچووغ بۆ ڕاوی ئەم كەوە كەبەكڕین دەستنەئەكەوت كەكەوێكی دڕ بوو زۆر بۆ راو بەكارایان ئەهێنا جوانترین و بەنرخترین ئاژەڵ (مامزی) لێ هەبوو لەكوردستان ئەمانە هەمووی بۆتە خەون بۆكورد بەتایبەتی خەڵكی قەراجو كەندێناوە چونكە قەرەچوغ زۆر لەمانەی زیاتر تیا هەیە وەك نەوت ومادەی چیمەنتۆ و زۆر لەكانزای گران بەها بەڵام سوودمان لێ نەبینووە تەنها بەناچاری بەنوكی قەڵەم لەگەڵ نوسیندا فرمسێكی بێ كەسی ئەم گەڵە دێتە یادمان. ئیجابی لایەنێكی ئەم رەقەلەمانە لەوە دایە كە ببێتە یەك رێزیو تەبایی ئەم گەڵە بۆ سارێژ كردنی برینەكانمانو رزگاركردنی (چیای قەرەچووغ)وچەندین شاخو دۆڵو شوێنی بەسوودی ئەم كوردستانە كەئێستا لەژێر پێی عەرەبدایە.

http://kirkuk.kurdishpoint.com